# له سایەی نەبونی یاسادا تاوان پەرە دەسێنێت

# پەرەسندنی کوشتنی ژنان لە کوردستان

سەردەمانێکە پاش راپەرین مەسەلەی کوشتنی ئافرەتان بەزۆر شێوە خۆی لەسەر ئاستی راگەیاندن و کاری هەندێك لە ریکخراوەکان بەیان کردوە، بەلام,خودی کردەکە (کوشتنەکە) هەر بەردەوام بوەو شەپۆلی هیرشی بوکەڵەکانی داب و نەریت و بۆ سەر ژنان ، بە ناوی کرینەوەی شەرەف و پاراستنی ناموسەوە تا ئەمرۆ کە هیچ شتێك نەیتوانیوە بەری پێبگرێت بە پێچەوانەوە لەم سەردەمەدا بارو دۆخییێکی ئابوری سیاسی یاسایی خێڵەکی وا خولقاوە تەواو یاری کردن بەژیا نو چارەنوسی میللەت بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی هەرمێن کردوە ، کەسیش دەنگی لێوە نایەت ...

## کوشتنی ژنا ن و یاسا.

لە سەرجەم بوارەکاندا ولە دوای راپەرینەوە کار بە یاساکانی حکومەتی عیراقی کراوە و لە پەیوەند بە کوشتنی ژنیشەوە و لە یاسای عێراقیدا ئەو کەسەی لە کاتی کوشتنی ژنێك لە نزیکەکانی هۆکاری کوشتنەکەی بۆ دیفاع کردن لە شەرەف گەراندەوە، ئەوا سزایەکی سوککراو دەدرێت کەلە چەند مانگ زیاتر نەبێت، لە دوای راپەرینیشەوە کار بەو یاسایە کراوە تا سالی ٢٠٠٠ کە بریاری ٥٩ دەرچوە( ئەو بریارەی لە شاری سلێمانیش جێبەجەێ نەکرا کە شوێنی دەر چونی بوو )،بەلکو زۆرینەی روداوە کوشتنەکانی دوای ئەوەش تاوانبار دەستگیر نەدەکرا چونکە ئەوتاوانبارانە جەستەو دەم و چاوی قوربانیەکەیا ن دەشێواند و لە شوێنی جیاواز فرێیان دەدان هەربۆیە زۆرینەی تەرمی ئەو ئافرەتانەی دەدۆزرانەوە شێوێنرا بوون یا سوتێنرا بون و دور لە ناوچەی خۆیان فرێ دەدران ئیدی نەدەناسرانەوەو کەسیش دەستگیر نەدەکرا، ئەگەر تاوانبارێکیش دەستگیر بکرایە ئەوە بە تاوانی کوشتنی ئەنقەست تاوانبار دەکرا و ئەو سزایەی بەسەردا دەدرا کەلە یاسا عێراقیەکەدا بۆکوشتنی ئەنقەست دانرابو نەك بریاری ٥٩ ئەو تاوانبارانش لە پەنجەی دەست کەمترن و ژنە کوژراوەانیش دەیەها.................

## ژنە کوژراوەکا ن و پۆلیس

به پێی راپورتێك كەلە یەكێك لەرۆژنامە لۆكالیەكاندا  سالی ٢٠٠٦بلاو بۆتەوە  ئامارژە بۆ ئەوە دەكات كە لە نەخۆشخانەیەكی وەك نەخۆشخانەی گشتی رانیە دا بنكەی پۆلیسی نەخۆشخانەكە هیچ مەوادێكی پشكنینیان نیە و تەرمێك كە دەدۆزرێتەوە لە رەوانە كردنی بۆ توب عەلی سلێمانی زیاتر ی بۆ ناكرێت ، یا هەر لە بنكەی پۆلیسەوە دەیكەنە نایلۆنەوەو بۆ توب عەلی سلێمانی دەنێرن  ئەگەر شكات كرا ئەوا لێكۆلینەوە دەست پێدەكەن ئەگەر كەسیش شكاتی نەبوو یا شایەد نەبوو ئەوا فایلی ئەو كوشتنە دادەخرێت تا ئەو كاتەی شایەد دەبێت (كە هەر نابێت) .

بیگومان ئەو ژنانە كە لەژێر ناوی پاراستنی شەرەف دا دەكوژرێن كەس خۆی ناكا بە خاوەنی تەرمەكەو پاش ئەوەی ماوەیەك لە سەلاجەی توب عەدلی (سلێمانی بێت یا هەولێر)بەلگەنامەیەكی بۆ دەكەن و ژمارەیەكی دەدەنێ و لە قەبرستانێكی تایبەت دا شارەوانی دەینێژن.

حالەتی كوشتنیش هەیە كەپۆلیس هەپێی نازانێت و دەشاردریتەوە.

<u>**زۆربونی كوشتن**</u>

لە سایەی نەبونی یاسایەكدا كە هەموان لە بەردەمیدا وە یەك بن گومانی تێدا نیە كەسانێك یا گرو پێك یان دەستڕۆیشتوانێك پەیدا دەبن كە دەكوژن یا بكوژ حەشار دەدەن ،بكوژ دەرباز دەكەن و ئێران و توركیاو سوریا شارەكانی عێراقیان بۆ والایە و پاش ماوەیەك خۆ كەس شكاتی لێیان نیە دەگەرێنەوە، دایكێك كە كچەكەی تۆرابوو هاتبۆوە سەرمال پاش ئەوەی قایل نەبو بەگەرانەوەی بۆ لای هاوسەرەكە ، هاوسەرەكەی بەبرای ژنە تۆراوەكەی ووتبو خوشكت بەرەلایە هەموو بازار دەیناسێ ووووو ..........ئەویش خوشكەكەی كوشت ،دایكەكە نەچو شكاتی لێبكات ووتی یەكم لێ رۆیشتوە با نەبێ بەدوو ئەویش سەربەرزانە گەرایەوە ناو كەس و كاری و هاتوچۆی لەگەلێ زاواكەشی هەیە... بە كورتی ئەتمۆسفیریك لە كوردستاندا هەیە هانی ژن كوشتن دەدا هەموو لایەكەوە كار ئاسانی بۆ دەكات ناشتوانرێت نكولی لە وە بكرێت كە كوشتنی ژنان بۆتە دیاردەە لەگەلێ ئەم نوسینەدا لاپەرە ١ ی رۆژنامەی (رێوان) هاوپێچ دەكەم تەنها لەو ژمارەیەدا ببینن چەند حالەتی كوشتنی ئافرەتان تۆمار كراوە ، بە دلنیا ییەوە و جەختیشی لێدەكەمەوە كە جگە لە كۆمەلێك ئیجرائاتی رۆتینی هیچ شتیكی تر ناكریت و كەسیش دەستگیر ناكرێت ئەگەر كراش سولْحی بۆ دەكرێت.

## كوشتنی ئافرەتان و سوڵح

زۆرینەی ئەو ژنانەی کە دەکوژرێن بێگومان لەلایەن کەسی نزیك باوك/ برا/ هاوسەر /مام/ ەوە دەکوژرێن و دواتر بۆ ئەوەی کەس بەو کوشتنە دەستگیر نەکرێت یا ئەگەر دەستگیر کرا کەئەو دو ئەگەرە زۆر لاوازترن لەوەی ببنە هۆکارە سوڵح.بەڵکو ئەگەری دروست بونی دوژمنایەتی و خوێن رشتن بە تایبەت لە و حاڵەتانەدا کە ژن لەلایەن هاوسەر یا شوبرا یا ئامۆزاو خالۆزاوە دەکوژرێت زیاترە و پێویستە سولحی بۆ بکرێت، ئەوا بە چەند دەفتەر دۆلارێك و کچێك یا دو کچ سوڵح دەکەن لە سەرەتای سالی ٢٠٠٧ ژنێك بە ناوی بەیان لە رانیە بەبەرچاوی خەڵکەوەو لەسەر جادەکە براکەی کوشتی و رایکرد دواتر لەگەل مالی میردەکەی،سولحیان کرد بە ١٠٠ هەزار دینار و کچێك کچەکەیان دایەوە مێردی بەیان و کەس نقەی لێوە نەهات ئەوە لە سەرەتای ٢٠٠٧ دا ...

## گروپێك مندالی دایك و خوشك کوژراو

مندالانی سێبەر ئەو مندالانەن کە بونیان وەك سێبەرە مەبەستم لە مندالان ئەوانەن کەدایك بە پلەی یەکەم یا خوشك یا کەسێکی نزیکیان بە تۆمەتی شەرەف دەکوژرێت ، کە هەندی جار بەشدار یا بینەری کوشتنەکە دەبن ، هەرکەسێك کە ئەگە کۆمەلناس یا دەروونناسیش نەبێت دەزانێت کە ئەو گروپە لە مندالان سەراپای ژیانیان دەبێتە قەیران، لە هەموو مامەلە کردنێکیاندا ، لەگەل دەرەوەی خۆیان توشی نەفرەتی دەرەوەو قەیرانی ناوەوە دەبنەوە ، دەبێت لە ئایندەدا هەڵگری چ جۆرە کەسێتیەك بن، پرسیارە بێ وەڵامەکەش ئەوەیە ئەو مندالانە تاوانیان چیە؟؟؟؟

## پێشبینی بۆ ئلیندە

مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگرە دیاردەی کوشتنی ئافرەتان سەرنجی دەسەلاتی رانەکیشاوە، و دەسەلات ئیدی لە فۆرمی هەر دەزگایەك دابێت ،کاریك یا ئیجرائاتێکی نەکردوە بۆ ئەوەی لانی کەم بەدوادوچونی سەرەتایی بۆ ئەو تاوانانە بکرێت. هێندە نەبێت کە لە میانی کارکردنم دا تێبینی ئەوەم کرد کە لە شاری هەولێردا وەزارەتی

**ناخۆی پێش یەکگرتنەوە ی حکومەت بەوردی چاودێری  تاوانەکانی کوشتنی ژنانی دەکردو ئاماری تەواویان لابوو هەروەها گرنگی تەواو درابو بە دەزگای بەلگەی تاوان و پزیشکی دادوەری و کەسانی شارەزایان لەو شوێنانە بەلام ئەو هەنگاوانە دادی مەسەلەکە نادەن و دەسەلات لە سامناکی وزۆری ئەو تاوانانە، خۆی بیئاگا دەکات دەمێنیتەوە سەر ئەوەی کە ئەگەر فشارێکی دەرەکی بە هێز ناچاری هەندێك گۆرانکاری بکات.تائەو کاتەش کوشتن بەردەوام دەبێت و مقاولەکانی سوڵح کردن بازاریان گەرم.........**

**هانا شوان**